# ڕۆڵی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە پەروەردەکردنی منداڵانی سەردەمی ئەمڕۆدا

**د. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل**

بەشی زمانی کوردی- فاکەلتی پەروەردە- زانکۆی سۆران

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆری هەموو نەتەوەکان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پەروەردەو پێگەیاندن و تێگەیاندنی ڕۆڵەکانی خۆیان هەیە.

ئەدەبی فۆلکلۆری پانتاییەکی گرنگی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك پێکدەهێنێت، ڕۆڵی ئەم ئەدەبە لە وشیارکردنەوەو ئامۆژگاریکردنی ڕۆڵەکانی بە گەورە و بچووکەوە دیار و بەرچاوە. هەموو ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری وەك(حەکایەت، پەندی پێشینان، مەتەڵ، ئەو دەقانەی لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون...هتد) لەکۆڕ و مەجلیسەکاندا گوتراون و گەورەو بچووك چێژ و سوودیان لێ بینیوە.

بەشێك لە شارەزایان و توێژەرانی بواری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی  پێیان وایە، کە ئەدەبی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵ نییەو ئەوەی هەیە بۆ گەوران گوتراوە و  منداڵیش لە پەراوێزی گەورانەوە چێژ و سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر بە وردی و زانستییانە لە هەندێك دەقی فۆلکلۆری کوردی ڕابمێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو جۆرە دەقانە بۆ منداڵان گوتراون وەك(حەکایەتی زۆر کورت، هەندێك لە مەسەلۆك، ئەودەقانەی لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون، گاڵتەو گەپ یان ترانە.)

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کە ڕۆڵی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە پەروەردەکردنی منداڵانی کورد ڕوون بکەینەوە، لەبەرئەوەش گوتومانە منداڵانی ئەمڕۆ، چونکە منداڵانی ئەم سەردەمە بە نەوەی تەکنەلۆجیا و ئایپاد ناسراون لە تەمەنێکی زۆر بچوکدا تێکەڵاوی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت دەبن و لە چالاکی و وەرزش و جووڵە دوور کەوتونەتەوە و لە دنیای فۆلکلۆری باب و باپیرانیان دابڕاون.

ئێمە مەبەستمانە کە دەقی فۆلکلۆری کۆبکرێتەوە و لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پۆلین بکرێت و لە زۆر ڕەنگ و شێوەی تردا سوودی لێ ببینرێت، بۆنموونە حەکایەتە خەیاڵییەکان بکرێن بە ئەنیمەیشن، فیلم کارتۆن، درامای منداڵان و منداڵی ئەم سەردەمە سوودی لێ وەربگرێت بۆنموونە: لەجیاتی سەیری فیلمەکانی(ئاڤاتار، بێن تێن، جومونگ،  کۆمبۆ) و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەندین فیلم و ئەنیمەیشنی تر بکات، سەیری فۆلکلۆری خۆی بکات و لەم ڕێگەیەشەوە چوار گریمانەی ئامانجدار دەپێکین:

**یەکەم:** منداڵ شارەزایی لە مێژووی نەتەوەکەی پەیدا دەکات و لەم ڕێگەیەوە خۆشەویستی نیشتیمان و پیرۆزییەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**دووەم:** لەڕێگەی دەقە فۆلکلۆرییەکانەوە منداڵ پەروەردە دەکرێ و لە ئامۆژگاری وشک دووری دەخەیتەوە.

**سێیەم:** زمانەکەی پاراو دەبێت، چونکە دەقی فۆلکلۆری بەزمانێکی سادە و ئاسان دەنووسرێت و منداڵیش لاساییان دەکاتەوە و بەمشێوەیەش لەلایەك زمانەکەی پاراو دەبێت و لەلایەکی تریشەوە فەرهەنگی مێشکی دەوڵەمەند دەبێت.

**چوارەم:** منداڵ لەڕێگەی ئەم دەقانەوە ئاشنای وشە و زاراوەی زارەکانی تریش دەبێت و لە دوارۆژدا سوودی لێ دەبینێت و ڕەنگە لە داهاتوودا بۆزمانی ستانداردیش سوودی لێ ببینرێت.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانرێت ئەو دەقانەی لەگەڵ یارییە فۆلکلۆرییەکانی منداڵان گوتراون بۆ فێرکردنی پیت و ژمارەکان بکرێنە گۆرانی و ئاوازیان بۆ دابنرێت و بەشێویەکی پەروەردەیی و زانستی منداڵانی کوردیش بەتایبەتی منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان بەزمانی خۆیان فێری ژمارەو پیتەکانی زمانی کوردی بکرێن.

لە توێژینەوەکە دا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە.

لە کۆتاییدا پێمان وایە کە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بە ئەدەبی گەوران و منداڵانەوە ڕۆڵێکی تەواوی هەبووە لە پەروەردەکردنی منداڵانی ئێمەدا، بەڵام پێویستە بەو ڕێگایانەی ئاماژەمان پێدا لەگەڵ حەز و ئارەزووی منداڵانی ئەم سەردەمە بیگونجێنین و سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ کۆمەڵگای کوردی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *منداڵ، فۆلکلۆر، فۆلکلۆری منداڵان، پەروەردە، ئامانج.*

---

**بەشی یەکەم:**

**١-١ چییەتی فۆلکلۆر:**

**١-١-١ زاراوە:**

فۆلکلۆر جیهانێکی فراوانە و هەموو پێداویستییەکانی وەك گەل و پەل و ئەدەبی سەرزاری تێدا دەست دەکەوێت، وەکو بازێڕێکی فراوان وایە دڵت چ بخوازێ لەو بازێڕە دەیدۆزیتەوە. فۆلکلۆر وەکو زاراوە(( وشەی فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستییە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، زانا ولیەم تۆمس W.G.Thoms بۆ یەکەمجار لەگەڵ زاراوە زانستییەکان لە ساڵی ١٨٤٦ز بەکاری هێناوە، بە وەرگێڕانی پیتیی بۆ وشەکە واتای (دانایی گەل یان زانیاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەل) دەگەیەنێت))(ســـــوكولوف،١٩٧١: ١٧)، ئەم زاراوەیەی فۆلكلـــــۆر لە دوای ئەم شیكردنەوەیەی ولیەم جۆن تۆمس بوو بە زاراوەیەكی تا ڕاددەیەك جیهانی، واتە دانایی و زانایی گەل بەهەموو لقەكانییەوە هەر لە كەل و پەلی فۆلكلۆری و ئەدەبی سەرزاری و بۆنە و دابو نەریتەكان هەموویان وشەی فۆلكلۆریان بۆ بەكار دێت و كۆدەنگییەكی باشی لەسەرە.

لەسەرەتادا ئەم وشەیە تەنها بۆ كەل و پەل و دەقە زارەكییەكان بەكار دەهات، بەڵام دواتر گواسترایەوە بۆ بارێكی تر، كە زانستی فۆلكلۆرە(( ئەڵمانەكان وشەی volksdichtung بەكار دەهێنن واتە فۆلكلۆر وەك زانست یان بە واتایەكی تەسكتر وشەی volksdichtung شیعری گەل، داهێنانی گەل). بەڵام فەرەنسییەكان ئاماژە بە بابەتی توێژینەوە دەكەن و وشەی populaires traditions بەكار دێنن بە واتای شوێنەواری گەل، حەكایەتەكانی گەل. هەرچی ئیتاڵییەكانن زاراوەی(popolari traditional) بەكار دەهێنن و بەمشێوەیە))(سۆكۆلۆف،١٩٧١: ١٧). كەواتە لە هەر وڵاتێك و لای هەر گەلێك زاراوەكە زیادی و كەمیی لەگەڵ كراوە و بۆ مەبەستی تەواوی خۆی بەكار هاتووە، لای ئێمەش ڕوونە، كە خودی بابەتەكە ماددەكەیە، بەڵام توێژینەوە لە بابەتەكە دەچێتە بواری زانست لەم ماددەیەدا.

(( ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا دەربارەی بابەتەكە واتە فۆلكلۆر بەكارهێنرا، ئەمجا بەرە بەرە وای لێهات كە بۆ زانستی فۆلكلۆر بەكار بهێنرێ، واتە ناوەكە لەو زانستە بنرێ كە لەبابەتی فۆلكلۆر ئەكۆڵێتەوە))(موكری،١٩٨٤: ٢٩) بەمشێوەیە نووسەری ئەم ڕایەش پێی وایە كە یەكەم جار زاراوەی فۆلكلۆر بۆ ماددەكە بەكار دەهات، بەڵام دواتر وای لێهات كە بۆ زانستی فۆلكلۆر بەكار بێت.

**١-١-٢- چەمك:**

ئەگەر لە ڕووی چەمك و پێناسەوە لە فۆلكلۆر بڕوانین ئەوا دەبینین بە زۆر شێوە و بە چەندین جۆر و لە لایەن چەندین زانا و كەسایەتییەوە پێناسە كراوە. سروشتی زانستە مرۆڤایەتییەكانیش وایە، كە پێناسەیەكی گشتگیر و یەكدەنگ بۆ ئەم جۆرە بابەتانە نایەتە بەرهەم(( ئارتەر تایلور بەم شیوەیە پێناسەی فۆلكلۆر دەكات: فۆلكلۆر ئەو ماددەیە یە، كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێتەوە جا چ لە ڕێگەی زارەكی بێت یان داب و نەریت. بەم شێوەیەش لەوانەیە لە شێوەی حەكایەت و گۆرانی و پەند...هتد بێت))(مرسی،١٩٧٥: ٤٣). ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت، كە فۆلكلۆر وەستانی نییە و هەمیشە لە گواستنەوە و جووڵەدایە، منداڵ لە دایك و باوكی فێر دەبێت و ئەویش بۆ نەوەیەكی تر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دەیگوازێتەوە، لەم گواستنەوەیەدا زیادی و کەمیی بەسەر دا دێت، بەڵام ناوەرۆکەکەی خۆی دەپارێزێت.

سنووری نێوان زانستی فۆلکلۆر و زانستەکانی تر و بوارە جیاوازەکانی لە نێوان زانا و توێژەرانی ئەو بوارە دا مشتو مڕی زۆری لەسەرە و نەگەیشتونەتە کۆ دەنگییەکی تەواو لەسەر یەك پێناسەی گشتگیر بۆ فۆلکلۆر، لەبەر ئەوەی فۆلکلۆر کار و چالاکی مرۆڤە، بۆیە(( هەندێ لە توێژەران لەوانە ڤان جەنپ(Van Gennep) و چەند توێژەرێکی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا فۆلکلۆر بە (ئەتنۆگرافیا) دائەنێن))(موکری،١٩٨٤: ٣٠). دیارە ئەم توێژەرە بەرهەمی فۆلکلۆری چ کەرەسە و چ ئەدەبی سەرزاری وەکو بەڵگەنامە سەیر دەکات، چونکە ئەتنۆگرافیا مەبەستی سەرنجدان و تۆمارکردنی ماددەی ڕۆشنبیرییە بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەی مێژوویی، ئەو بەرهەمانەی دەستی مرۆڤیش، بۆ نموونە دەقەکانی ئەدەبی سەرزاری وەك بەڵگەنامەی مێژوویی چاو لێکراون.

هەندێك کەس پێیان وایە، کە فۆلکلۆر تەنها پاشماوەی ژیانی باب و باپیرانی ئێمەیە، واتە شتێکە پەیوەندی تەنها بە ڕابردوو هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا فۆلکلۆر و ((ئەدەبی فۆلکلۆری دەنگدانەوەی ڕابردوومان و دەنگی بە نرکەی ئێستامانە، ئەم ئەدەبە جاران و ئێستاش نوێنەری گەلە و لە زۆر لایەندا و لە زۆر کاتدا نوێنەر و چەکی شەڕی چینایەتییە))(موکری،١٩٨٤: ٣٠)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەدەبی فۆلکلۆری جاران و ئێستاش سوود و ئیستاتیکای خۆی لە دەست نەداوە و کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەر بەردەوامە، بەڵگەش بۆ ئەوە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوا لە ڕووی زمان و وشەی ڕەسەن و دابو نەریت گرنگیی و مەزنیی ئەدەبی فۆلکلۆریمان بۆ دەردەکەوێت.

### ١-١-٣- بەشەکانی فۆلکلۆر:

فۆلکلۆر وەکو چەندین بابەتی تر لە چەندین بەش و ژانر پێکهاتووە، ئەم بەش و ژانرانە هەر یەکەیان گرنگیی و بابەخی خۆیان هەیە((بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی بە هەموو شێوەکانییەوە دەریایەکی گەورەی ئایین و سیاسەت و میوانداری و سوارچاکی و شادی وناسازی خۆیان ڕوون دەکاتەوە))(ئیسماعیل،٢٠٠٦: ٢٩)، فۆلکلۆر بە هۆی زۆری لقەکانی و بلاوبوونەوەی خێرای لە ناو خەڵکدا، بۆیە هەر زوو ڕەگی خۆی دادەکوتێ و بە جیهاندا بلاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی دەقەکانی فۆلکلۆر لە کەسانی بە تەمەن و نەخوێندەوارەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە زمانێکی سادە و ڕەسەن دەبێتە پیناسەی ئەدەبی فۆلکلۆری.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بابەتی ئێمە فۆلکلۆرە و ئەدەبی فۆلکلۆری لقێکی گرنگە لە فۆلکلۆر، بەشەکانی فۆلکلۆر وەك کەرەستە یەگجار زۆرن و لە ژمار نایەن وەك: کەلوپەل خۆراك، جل و بەرگ، کەلوپەلی ڕاوکردن، جووتکردن، درویّنە و کاری ڕۆژانە، هەرچی ئەدەبی فۆلکلۆرییە ئەویش بۆ چەند ژانرێك دابەشدەبێت وەك: شیعر، یاری، مەتەڵ، گۆرانی، پەند، قسەی نەستەق، حەکایەت و نوکتە...هتد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین باسی ئەو بەشانەی ئەدەبی فۆلکلۆری بکەین، کە پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە.

**١-١-٣-١ یاری و دەقەکانی:**

یاری بەشێکی گرنگی ژیانی منداڵ پێکدەهێنێت و لە کۆندا منداڵان و گەوران یارییان کردووە، چونکە ژیانی جاران وەکو ئێستا نەبووە. خەڵك لە زستاندا زیاتر خەریکی یاریکردن و کات بەسەربردن بوون، چونکە زستان وەرزی کارکردن نییە و شەوەکانیشی درێژن ز زۆربەی خەڵکیش بێکار بوون.

بەشێکی ژیانی منداڵ یاریکردنە دەرکەوتووە، کە یاریکردن سوودی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵ هەیە، هەموو منداڵێکی ساغ و تەندروست حەزی لە یاریکردنە و یاری و منداڵ دوو تای یەك تەرازوون،((یاری و یاریکردن لە گەشەی منداڵدا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە منداڵ خۆی پارچەیەکە لە یاری. یەکەمین بنەما لەو بنەمایانەی دنیای منداڵ پێك دەهێنن یاریکردنە))(ئێرتوغرول،٢٠١٨: ١٥٣)، کەواتە یاریکردن پارچەیەکە لە ژیانی منداڵ و بنەمایەکی زۆر گرنگی دنیای منداڵ یاریکردنە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی بەوەدا ناوە کە یاریکردن بۆ منداڵ زۆر گرنگە((کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ گەڵاڵەی کرد)) (کۆمەڵێك نووسەر،٢٠٠٥: ٦٥) واتە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی پیداناوە کە یاریکردن بۆ منداڵ وەکو بەشێکی ژیانی ئەو منداڵەیە و جگە لە لایەنی خوێندن و تەندروستی بۆ منداڵان لە جاڕنامەی مافی منداڵاندا لە بڕگەی حەوتەمدا هاتووە ((پێویستە هەموو توانایەك بۆ منداڵ بخریتە کار، بۆ ئەوەی یاری بکات و چالاکی نوێ بنوێنێت و بەرەو ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو ئاراستە بکرێت، لەسەر حکومەتیش پێویستە بۆ ئەو مەبەستە کار بکەن)) (کۆمەڵێك نووسەر،٢٠٠٥: ٦٥). تواناکانی منداڵ لە هەر تەمەنێکدا جۆرێکە واتە برێکی دیاریکراوە، ئەوەی گرنگە دایك و باوك و پەروەردە کاران بیکەن ئەوەیە، کە بە پێی پێویست وابکەن منداڵەکانیان یاری بکەن و چالاکی تازە پێشکەش بکەن و ئامانجی پەروەردەیی بپێکن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

منداڵ لە ڕێگەی یاریکردنەوە ئاشنایەتی کەرەستەکان دەبێت و خەڵکی تر دەناسێت و بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت. یاری و یاریکردن تەنها بۆ کات بەسەر بردن نییە و لە دواڕۆژدا کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دەبێت، (( چۆن پێگەیشتوویەك لە ڕێی ئەو ئەزموونانەوە کە بە دەستیان دەهێنێت کەسیتی گەشە دەکات، گەشەی کەسێتی منداڵیش لە ڕێی ئەو یاریانەوەیە، کە خۆی بە تەنها یان لەگەڵ کەسانی تر دەیانکات)) (ئێرتەغرول،٢٠١٨: ١٥٥)یاریکردن بۆ منداڵ وەك ئەزموونی گەورەیەك وایە، کە ئەو کەسە پێگەیشتووە بە دەستی هێناوە، کەسێتییەکەی زیاتر بەرەو پێش دەچێت و گەشە دەکات، منداڵیش لە ڕێی یارییەکانییەوە کەسیتییەکەی گەشە دەکات.

یاریکردن چالاکییەکی بێ ڕکابەرەربۆ منداڵ، لە میانەی یاریکردندا منداڵ هەم چێژ وەردەگرێ و هەم سوود جگە لەوەش (( منداڵ لە میانەی یاریکردنەوە جیهانێکی خەیاڵاوی و ئەفسوناوی بە چێژ بۆ خۆی دەخوڵقێنێ و خۆی دەبێت بە پاڵەوانی ئەو جیهانە و ئەسپی خۆی و خەیاڵی خۆی تیایدا تاو دەدات و گشت ئەو خەو و خەیاڵ و حەز و ئارەزوو داخوازیانەی کە لە ژیانی واقیعیدا بۆی تێر ناکرێت. لەم جیهانە پان و پەرینەدا بە ئارەزووی خۆی بەبێ ترس و سانسۆر تێریان دەکات.)).

ئەوەی بۆ توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە و دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو دەقانەیە، کە لە کاتی یاریکردنەکەدا منداڵان دەیڵێن و دەیڵێنەوە. ئەو دەقانەش پڕن لە وشەی ناسك و جوان و پەروەردەیی بۆ منداڵان بە هەر دوو ڕگەزەوە. هەر لە پەروەردەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە.

لە ڕووی تیۆرییەوە تا ئێستا لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئێمەدا کەس ئەو کارەی نەکردووە، کە لە ڕووی تیۆرییەوە چەمك و پێناسەکانی ئەو دەقانە ڕوون بکرێتەوە، کە منداڵان لە کاتی یاری کردندا دەیڵێن و دەیڵێنەوە. دەتوانین بلێین ئەو دەقانە بریتین لە کۆمەڵێك وشە و ئاواز لە کاتی یاری کردنەکەدا لە لایەن منداڵانەوە بریتین لە کۆمەڵێك وشە و ئاواز، کە لە کاتی یاریکردنداەکەدا گوتراون و هەلومەرجی یارییەکەی خۆشتر کردووە و پەیامێکی پەروەردەیشی لە پشت بووە. بۆ ئاراستەکردنی منداڵان بەرەو پەروەردەیەکی باش و تەندروست وەك پەروەردەی ئایینی، پاکوخاوێنی، خۆشەویستی بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر و خۆشەویستی ژینگە و...هتد.

هەندێك لە یارییەکان بە تاك ئەنجامدراون و هەندێك دوان و هەندێك بە کۆمەڵ، هەندێکیان تایبەت بە کوڕان و هەندێك تایبەتە بە کچان و هەندێکیشیان بەیەکەوە ئەنجام دەدرێن، یارییەکانیش بە پیی تەمەنی منداڵەکان و ڕەگەزیان دەگۆڕێت،((لە تەمەنی شەش تا نۆ ساڵی منداڵ بوێر و چاونەترسە و لە هەمان کاتدا هەست بە مەترسیش دەکات، کە لە میانەی جموجۆڵی خۆی دوچاری دەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە یاریانەی لا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆشەویستە: شەمەندەفەر، بووکەڵانەی ئاڵۆز، یارییەکانی زیرەکی وەکو: مار و پەیژە، دووچەرخە، یارییەکانی نەخۆش و پزیشک))(کۆمەڵێك نووسەری ئەمەریکی، ٢٠٠٥: ٣٨).

لەڕووی دەروونناسییەوە دەرکەوتووە، کە منداڵان لە یەك قۆناغدا نین و جیاوازن، بۆیە یارییەکانیشیان جیاواز دەبن. ئەو منداڵانەی لە نێوان تەمەنی شەش تا نۆ ساڵین منداڵی پارێزکارن، واتە هەم چالاك و بوێرن و هەمیش دەترسن لە هەندێك شت، بۆیە ئەو یارییانەشیان خۆشدەوێت، کە جووڵە و ڕۆیشتنی تێدایە و هەڵبەز و دابەز دەکەن.

**١-١-٣-٢ حەکایەت:**

حەکایەت ژانریکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە لە دنیای ئەدەبی فۆلکلۆریدا. ئێمە مانان بە منداڵ و گەورەوە حەز لە حەکایەت دەکەین، کاتێك کەسیك حەکایەتێك دەگێڕێتەوە بە سەرنجەوە گوێی بۆ شل دەکەین و لێی ڕادەمێنین تا کۆتایی لێ دەگرین پیمان خۆشە بزانین کۆتاییەکەی  بە کوێ دەگات، بۆیە حەکایەت پەند و ئامۆژگاری زۆر گەورە و پەروەردەیی تێدایە، کە مرۆڤ دەتوانێت سوودی بێ وەربگرێت.
ژانرێکی وەکو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی بە زۆر شێوە پێناسە کراوە و یەك پێناسەی گشتگیری نییە، هەندێك کەس پێی دەڵێن حەکایەت و هەندێکی تریش پێی دەڵێن چیرۆك، هەقایەت((چیرۆك کەلە ناو کورد دا حیکایەت یا نەقلیشی ئەڵێن و لە ناو کوردی لوڕ دا مەتەڵۆکیشی پێ ئەوترێ بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی))(ڕەسول، ١٩٧٠: ١٨). نووسەر لێرەدا زاراوەی چیرۆکی بەکارهێناوە لە بری حەکایەت، گەیشتۆتە ئەوەی لە ناو لوڕ دا مەتەڵۆك و لە ناو کورد بە\شتی نەقلیشی پیدەڵێن.

نووسەر لەم پیناسەیەدا زیاتر لە سەر زاراوە دواوە لە بەشیکی دیکەدا دەڵێت(( چیرۆك بەرەو پێشچوونێکی مێژوویی و ئەفسانەیە و لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو ئەچێت. هەرچەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەرۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە))(ڕەسول،١٩٧٠: ١٨)، حەکایەت لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە هەڵقولاوی بیر و زەینی کۆمەڵگایە، لە رووی داڕشتن و تەکنیکەوە لە ئەفسانە جیاوازە. ئەفسانە دنیایەکی پڕ لە خەیاڵ و پڕوپوچییە، بەڵام کەرەسەکانی حەکایەت لە ژیانەوە سەرچاوە دەگرن.

لە ناو فۆلکلۆری کوردیدا زۆر لە شارەزایان بڕوایان وایە، کە حەکایەتی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵان نییە و ئەوەی هەیە حەکایەتی گەورانە و بۆ گەورانە، منداڵانیش لە پەراوێزی گەوراندا گوێیان لێگرتووە و چێژ و سوودیان لێ بینیوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە بڕوای ئیمە حەکایەتی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانیش هەیە، کە زۆربەیان بە

هەقایەتی بەرگوێ ئاگردان ناویان دەرکردووە. کاتێك داپیرە لە دەوری ئاگرداندا منداڵانی کۆدەکردەوە و هەقایەتی(مشك و کەستە خۆر، مەڕۆکە و بزنۆکە و ژەنگ و بەنگ)[1]

**١-١-٣-٣ مەتەڵ:**

مەتەڵ یان مەسەلۆکە بەو دەقە دەگوترێت، کە لە شێوەی دێرە شیعرێك یان هەندێك جار بە پەخشان پرسیارێك ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت و ئەویش دەبێت وەڵام بداتەوە((مەتەڵیش بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. واتە بەشێکە لەو ئەدەبەی نەنووسراوەتەوە دەماودەم لە ناو خەڵکدا پشتاوپشت ئەمێنێتەوە و بڵاو ئەبێتەوە))(ڕەسول،١٩٧٠: ١٥٩)، واتە مەتەڵ هەر تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو هەموو گەلانی دنیا مەتەڵیان هەیە و ژانرێکی بە نرخی ئەدەبی فۆلکلۆرییە و لە باوانەوە بۆمان ماوەتەوە و دەگوازرێتەوە.

((مەتەڵ ئەو کورتە وتارە پرسیار ئامێزانەن، بە ڕەمز باس لە شتێك دەکەن، دواتر دەپرسن: ئەو شتە چییە؟ ئەوتا بۆنموونە: ئەمە چییە؟ بنوێ گایە؟هەڵستێ چیایە؟ وەڵام: (ڕەشماڵ)ە.)) (عەبدوللا،٢٠٠٥: ٢٧١)، مەتەڵ بۆ جوڵاندنی مێشك و زاخاودانی زۆر گرنگە و ئەو کەسەی یان ئەو منداڵەی مەتەڵەکەی ئاراستە دەکرێت، کە هەڵی بێنێت، ناچارە بیر بکاتەوە هزری خۆی وەگەڕ بخات و وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول مەتەڵ بۆ دوو جۆر دابەشدەکات، ((یەکەم: ئەم مەتەڵی کوردییانە وەك مەتەڵی خەڵکی تر بکەین بە دوو بەشەوە: مەتەڵی مەبەستدار و مەتەڵێك کە تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە. هە دوو مەتەڵەکەش وردی و تێبینی و ژیریی و بە وریایی و قووڵی تەماشاکردنی نەتەوەی ئێمە دەرئەخا)) (ڕەسول،١٩٧٠: ١٦١)، مەتەڵێك، کە مەبەستێکی تایبەتی هەیە و مەرامێکی لە پشتە، مەتەڵێکیش کە تەنها بۆ کات بەسەربردنە و زاخاودانی مێشکە. لە ڕاستیدا ئەوەی دووەمیش هەر مەبەستدارە، چونکە زاخاودانی مێشکیش کارێکی باشە و مێشکی مرۆڤ ئەبدەیت دەبێتەوە و بیر و هۆشت فراوان دەکات.

((مەتەڵ گوتەیەکە یەکێك بە شێوەی پرسیار لە کەسێك یان چەند کەسێکی دەکات و لە ناوەرۆکەکەیدا نهێنییەك یان شاراوەیەکی تێدا هاتووە، کە بیر و توانای مرۆڤی تێدا تاقی دەکرێتەوە)) (جەمال،٢٠٠٦: ٥)، هەروەك پێشتریش باسکرا مەتەڵ یان مەسەلۆکە دەبێت پرسیارێکی ڕاستەوخۆی تێدابێت و ئاراستەی بەرامبەر بکرێت، جا ئەوەی ئاراستەی دەکرێت کەسێك بێت یان چەند کەسێك بن.

مەتەڵ بە بڕوای ئێمە زیاتر بۆ منداڵانە، بۆ ئەوەی مێشکیان زیاتر بکرێتەوە و هزریان بە هێز بێت و بیر و باوەڕی نەتەوەکەش دەردەخات، ((مەسەل ومەتەڵ وپەندی هەر گەلێ نیشانە و دیاردەی بیر وباوەڕی ئەو نەتەوەیە و بە بەرزی پلەی ڕووحییاتی دەژمێردرێ))

---

[1] ئەم حەکایەتانەم لە دایکم بیستووە، دواتر لە بڕاکتیکدا دەیانخەمە ڕوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(ئەفخەمی،١٣٦٢: ٦)، واتە لە ڕێگەی مەتەڵەوە دەتوانیت بیر وباوەڕ و بۆچوونی ئەو گەل ونەتەوەیە بخوێنیتەوە، نووسەری ئەو چەند دێرەی سەرەوە پەند و مەتەڵ پێکەوە باس دەکات هەر بۆیە ئەو پێی وایە کە هەندێك دەق وەك پەند و قسەی نەستەق وان چیرۆکی پشت ئەو دەقانەی هێناون و باسی کردوون و دەڵێت ئەوانە مەتەڵن بۆ نموونە ((پشیلەکەی ڕەجەبە شێتە، کاڵەکەم دڕا و هیچم پێ نەبڕا، بانێکەو دوو هەوا...هتد)) بەمشێوەیە ئەو دەقانە بە مەتەڵ دادەنێت، کە ئێمە پێمان وایە ئەوانە قسەی نەستەقن و هەر یەکەیان چیرۆکێکیان لە پشتە.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە مەتەڵی منداڵانە، بە واتای فۆلکلۆری منداڵان ((لە نێو مەتەڵی کوردیدا بەشی منداڵانیش دەبینرێ و گرنگیی زۆری پێدراوە ئەو مەتەڵانەش بابەتی جۆراوجۆر فێری منداڵان دەکەن)) (عەبدوڵلا،٢٠٠٥: ٢٧٩)، بۆنموونە بابەتی ئاینی، کۆمەڵایەتی، دابونەریت...هتد. منداڵ فێردەکات مێشکی بەکار بهێنێت وزیرەك و وریا بێت.

**١-١-٣-٣-١ زمانی مەتەڵی منداڵان:**

زمان بۆ دەربڕینی بابەتەکان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و لەکاتێکدا مەتەڵیش لە کەسێك دەکەین پێویستە بە زمانیکی وا بێت کە لای منداڵاکە ئاسان بێت.((زۆربەی مەتەڵی کوردی، یان هەمووی بە زاری ناوچەیی گوتراون بۆنموونە لە بادینان دەگوترێ: پێنج د ساغن نا ئاخڤن، ئێك مرییە د ئاخڤیت. مەبەست قەڵەمە کە لە نێو پەنجەکانی مرۆڤدایە))(عەبدوڵلا،٢٠٠٥: ٢٨٥). زمان بۆ هەموو گوتنێك گرنگە و بە پێی شوێن و ئاستی گوێگر دەگۆڕێت.

هەرچی داڕشتنی مەتەڵە شێوەکەی یان وەکو دەقێکی پەخشانی بێ سەروایە یان پەخشانی سەرواداره، کە وەك دێره شیعرێك وایە و هێمایەکی تێدایە کە وێکچوونێك لە نێوان مەتەڵەکە و خودی شتەکە هەیە بۆنموونە:(خڕە وەکو گۆ، سپییە وەکو دۆ) مەبەست لێی هێلکەیە.

مەتەڵ لەبەر گرنگییەکەی و سوودی پەروەردەیی بەتایبەتی بۆ منداڵان، شاعیرانی کورد لەبەر ڕێشنایی مەتەڵی فۆلکلۆری هاتوون مەتەڵیان نووسیوە و لە شێوەی هۆنراوەدا پێشکەشی منداڵانی کوردییان کردوون. ئەو شاعیرانەش وەك گۆران، بێکەس و چەندانی تریش بۆنموونە مەتەڵێکی گۆران دەنووسین:

((مەتەڵێکە سەر لێ تێکدەر
کێواو کێو دەشت ئەداتە بەر
دووجار بێتو ناوی بەری
باوکی مناڵ هەڵئەدا سەر)) (کەریم،١٩٨٠: ٥٣٢)

هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە(با) یە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ١-١-٣-٤ گۆرانی فۆلکلۆری:

گۆرانی دەربڕینی هەست وسۆزی گۆیندەیە، ئەو ئازار و خەون و خەیاڵەی لە دەروونی کەسەکەدا هەن و لە ڕێگەی دەنگ و ئاوازەوە دەریان دەبڕێت. گۆرانی فۆلکلۆری ژانرێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە و لە مێژە سەرنجی ڕۆژهەلاتناسان و شارەزایانی ئەم بوارەی ڕاکێشاوە و (گۆرانی)یان کۆکردۆتەوە و توێژینەوەیان لە بارەوە کردووە، ((لە ناو فۆلکلۆری کوردیدا گۆرانی بە دەوڵەمەندترین بەش ئەژمێردرێ لە ڕووی زۆری بلاوبوونەوە وە )) (ڕەسول،١٩٨٤: ٨٧)، لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا گۆرانی خزمەتێکی بەرچاوی کراوە بەوەی، کە لەلایەن خەڵکی بیانی و توێژەرەکانی کوردەوە بایەخی پێدراوە و بەشێکی باشی کۆکراوەتەوە و لە فەوتان ڕزگار کراوە. ئەوەی گۆرانی فۆلکلۆری لە گۆرانی دانراو یان نووسراو جیادەکاتەوە، ئەوەیە گۆرانی فۆلکلۆری لە دانان و ئاواز و گوتنی هەر شایەرەکە خۆی بووە و ڕەسەنایەتی و سۆزێکی ڕاستەقینەی تێدایە.

((گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە هەروەك بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە. ئەم هونەرە لە زۆر کۆنەوە پەیدابووە، هەر لەوکاتەوە، کە هێشتا هۆشیاری گەل لە ڕادەیەکی نزمدا بووە)) (ڕەسول،١٩٧٠: ٥٩)گۆرانی دەربڕی ئێش و ئازارەکانی گەل بووە، بۆیە زۆر کۆنە و لەگەڵ سەرەتاکانی ژیاندا پەیدا بووە. گۆرانی ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ژیانی خەڵك بووە و خەڵکیش بە ئاسانی دەستی پێی گەیشتووە.

ڕۆژهەلاتناسانیش لە بارەی گۆرانی کوردی ڕای خۆیان هەیە هەروەك ئاپۆڤیان دەڵێت: ((لە هەر کوردێکدا هەست و بەهرەی شاعیری بەدی دەکرێت و زۆر بە ساز و ئاواز گۆرانی بەسەر چیا و دۆڵ و ڕووبار و تاڤگە و گوڵ و چەك و ئەسپ و قارەمانییەتی و جوانیاندا دەڵێن)) (ڕەسول،١٩٨٤: ٨٧) واتە تەنها گۆرانی بێژ و شایەرەکان گۆرانیان نەوتووە، بەڵکو زۆربەی خەڵکی کورد دەنگیان خۆشە و گۆرانی بەسەر ئاو و خاك و سروشتی وڵاتەکەیان هەڵدەدەن.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا باسی بکەین ئەو گۆرانیانەیە، کە گەوران بۆ منداڵانیان گوتووە و منداڵانیش گوتوویانە. مەرج نییە هەموو گۆرانییەکی منداڵان لەگەڵ یاریکردندا بگوترێت لەوانەیە گۆرانی هەبێت تایبەت بێت بە منداڵ و بەبێ بۆنەش بگوترێت بە تاك یان بە کۆمەڵ گۆرانییەکە بڵێن.

### ١-٢ پەروەردەو قۆناغەکانی منداڵیی:

منداڵ لە کاتی لەدایکبوونەوە تا دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو پیویستی بە چاودێریکردنی دایك و باوك و پەروەردەکارانە، بۆیە زانایانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و تەندروستی بایەخێکی تەواویان بە منداڵ داوە و ڕێزیان لێگرتووە و وەك دیارییەکی خودا چاو لە منداڵ کراوە. منداڵان لە هەموو قۆناغەکاندا گۆرانی و ئاوازیان بۆ


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گوتراوە هەر لە لایلایە بگرە هەتا دەگاتە گۆرانی فێرکردنی ژمارە و ڕۆژەکانی حەفتە و مانگەکان و وەرزەکان و مەسەلە پەروەردەییەکان بە گشتی.

بە پێی ڕای شارەزایانی بواری دەروونناسی منداڵان، هەموو منداڵێك لە قۆناغە جیاوازەکان وەك یەك نین و بیر و ڕا و خەون و حەز و ئارەزووەکانیان وەك یەك نییە، هەرچەندە بە هەموو منداڵێك دەڵێن منداڵ و لە هەندێك خولیا و حەز و ئارەزوو دا لە یەك نزیکن، بەڵام جیاوازیشن. لە میانەی گەڕانمان بە دوای ئەم بابەتەدا بۆمان دەرکەوت کە زانایان هەرەکە و بەڕای خۆی قۆناغەکانیان دابەشکردووەبۆنموونە (ئەریکسۆن) (Erickson) بەمشێوەیە دابەشی دەکات ((لە لەدایکبوونەوە هەتا ١٨ مانگی/ لە ١٨ مانگی هەتا ٣ساڵیی./ لە ٣ ساڵیی هەتا ٦ ساڵیی/ لە ٦ساڵیی هەتا ١٢ساڵیی/ لە ١٢ساڵیی هەتا ١٨ساڵیی)) (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣١).

بەپێی بیر و ڕای ئەو زانایە بێت منداڵ هەتا دەبێتە ١٨ ساڵیی هەر بە منداڵ دادەندریت، بۆیە لە ئەوروپا و ڕۆژاوا لە تەمەنی ١٨ ساڵیی ئیتر منداڵ ئازادە بۆ خۆی بە تەنیا دەژیت یان لەگەڵ خیزانەکەی دەمینێتەوە . زانایەکی تر کە قۆناغەکانی منداڵی دابەشکردووە جان پیاجیە (Gean Piaget)ە کە بەمشێوەیە قۆناغەکانی منداڵیی دابەشدەکات((لە لەدایکبوونەوە هەتا ٢ساڵیی/ لە ٢ ساڵیی هەتا ٧ ساڵیی/ لە ٧ ساڵیی ١١ساڵیی/ لە ١١ ساڵیی هەتا ١٤ ساڵیی) (یاسین واخرون،٢٠٠٢: ١٢٣) دابەشکردنەکەی جان پیاجیە لە دابەشکردنی ئێمەی ڕۆژهەلاتی نزیکە، چونکە بەپێی یاساکانی ئیسلام منداڵ لە ١٤ ساڵیدا بالق دەبێت و قەپێلکی منداڵیی فڕێ دەدات، بۆیە دەتوانین بڵێین کە منداڵان لە گشت قۆناغەکاندا پیویستییان بە چاودێریکردن و بایەخپێدان هەیە، ئەوانەشش تەنها بە خواردن و جلوبەرگ نییە، بەڵکو لایەنی ڕۆحی و بایەخدان بە لایەنی دەروونیی و تێرکردنی حەز و ئارەزووی منداڵ ئەرکێکی گرنگیی کۆمەڵگایە بەتایبەتی خێزان.

لەبەرئەوەی بابەتەکەی ئێمە پەیوەستە بە دەق و پەیوەندی بە زمان و وشە و ڕستە هەیە، بۆیە لە قۆناغێك دەستپێدەکەین، کە منداڵ چێژێکی سەرەتا لە ئەدەبێکی سەرەتا وەردەگرێت. کۆمەڵێك مامۆستا و شارەزا لە ناو کورد و عەرەبیشدا ئەو قۆناغانە بەمشێوەیە دابەشدەکەن:

## ١-٢-١ قۆناغی ڕیالیستی(٣-٥ ساڵیی)

ئەم قۆناغە بریتییە لەو کاتەی، کە منداڵ لە ژینگەیەکی تەسکی ماڵدایە و لەگەڵ خێزانەکەی دەژیت و پەیوەستە بە دایك و باوك و خێزانەکەی، بۆیە ناویشی لێنراوە ڕیالیستی، چونکە شتەکان بە ڕاست دەزانێت.(( منداڵ لەو قۆناغەدا پەیوەستە بە دایك و خێزان و ئەو شتانەی لە دەوروبەریدان وەك: ماڵ، باخچە، شەقام، گیاندارە ماڵییەکان. بۆیە ئەو ئەدەبەی بۆ ئەو قۆناغە دەگونجێت حەکایەت و چیرۆکە واقیعییەکانە، کە دەربڕی ئەو

ژینگه سنووردارەیە)) (ئەبو مەعال،٢٠٠٥: ٥٣). واتە چیرۆك و شتی واقیعی بۆ منداڵانی ئەو قۆناغە باس بكرێت، كە لە ژینگەی بیر و هزری ئەودا هەن وەك ئاژەڵی ماڵی بۆ نموونە پشیلە، مریشك، پەپوولە، چۆلەكە...هتد.

منداڵی ئەم قۆناغە زۆر حەزیان لەو یاری و بەسەرهاتانەیە، كە بە كۆرس ئەنجام دەدرێن و شێوەیەكی شانۆییان هەیە و نواندنیان تێدایە وەك مەڕە زمزمانێ، چەفیە خەجێ و چەندی تریش لە بەشی پراكتیكدا زیاتر باسیان دەكەین.

## ١-٢- ٢ قۆناغی ئەندێشەی فراوان(٦-٨ساڵیی)

لەم ئەم قۆناغەدا منداڵ لە ژینگەی ماڵ دەچێتە دەرەوە و ڕوو لە قوتابخانە دەكات و دنیایەكی فراوان و گەورە پێشوازی لێدەكات، لە قوتابخانە دەبینێت، كە جگە لە دایە و بابە و خوشك و براكانی خەڵكانێكی زۆر هەن و كەسیش خەمی ئەوی نییە و لەناو كۆمەڵگایەكی فراوان و خەڵكدا ون دەبێت بۆیە مێشكی پڕ لەپرسیار دەبێت ((زۆربەی پرسیارەكانی منداڵ لەم تەمەنەدا بە هۆی ترسەوەیە، لە زۆر شت دەترسێت، ترس لە مرۆڤی خراپ، ئاژەڵی دڕندە، پرسیارەكەش بۆ ئەوەیە، كە لە میانەی وەڵامەكاندا هەست بە ئارامییەك و ئاسایشێك بكات بەرامبەر مەترسییەكی نادیار)) (الهیتی،١٩٧٧: ٣٣). ئەو مەترسییەش ڕەنگە هەر خۆمان بۆمان دروست كردبێت لە میانەی پەروەردەیەكی نادروست، بەهۆی ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا تیكەڵاوی كۆمەڵ دەبێت، بۆیە زۆر شت فێر دەبێت كە، پێشتر نەیدەزانین لەبەر ئەوە گرنگە دایك و باوك منداڵەكانیان فێری هەڵس و كەوت و ئەتەكێتی ژیان بكەن و هەوڵ بدەن لێیان تێبگەن و داخوازیەكانییان جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە منداڵ فێر بكرێت كە، چی پێویستە نەك حەزی لە چییە.

((ئەم قۆناغە منداڵ زانیاری پشت  دیاردە سرووشتییەكان فێر دەبێت، وا دێنێتە پێش چاوی خۆی، كە لە دوای ئەو شتێك هەیە، لەم پێناوەشدا بە خەیاڵی خۆی دەفڕێت بۆ بیستنی چیرۆكی قەزەم و چیرۆكی سندیباد و ئەوانەی بە ئەم دەچن لە ئەدەبی خەیاڵی))(ئەبو مەعال،٢٠٠٥: ٥٣). منداڵی ئەم تەمەنە زۆر شت فێر دەبێت، كە پێشتر نەیدەزانین. لە ڕووی یاساكانی زمانیش هەر وایە لە قۆناغی پێشتر ڕەنگە هەندێك ئامراز و وشەی بە هەڵە بەكارهێنابن، بەڵام لەم قۆناغەدا یاسا و ڕێساكانی زمان بە تەواوی بەكاردەهێنێت، بۆیە منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵیی دەچێتە قوتابخانە و ئەم تەمەنە ستانداردێكی جیهانییە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پەیڕەو دەكرێت.

## ١-٢-٣    قۆناغی پاڵەوانێتی(٨-١٢ ساڵیی)

منداڵ لەم تەمەنەدا تەواو پێگەیشتووە لە ڕووی بەكارهێنانی زمان و تەنانەت لەم تەمەنەدا منداڵ بەرەو خوێندنەوەش دەڕوات واتە شتی دیكە بخوێنێتەوە. منداڵ لەم تەمەنەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

نیشانەکانی ڕەگەزی نێر و مێی تێدا دەردەکەون و هەستی ڕەگەزی بەرامبەری دەجوڵێت بەتایبەتی لە دوا ساتەکانی ئەم قۆناغە واتە دوازدەساڵی لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا وەك پالەوان خۆی نیشان دەدات((ئەدەبی گونجاو بۆ ئەم قۆناغە چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرکێشین))(ئەبومەعال،٢٠٠٥: ٥٣). سەرکێشی و پاڵەوانێتی بۆ هەردوو ڕەگەز وەکو یەك نییە بۆنموونە کوڕان گرووپ دروست دەکەن و شەڕە بەرد دەکەن یان تۆپێن دەکەن یەکێك سەرکردەیانە و ئەوانی تریش سەربازەکانی ئەون، بەڵام کچەکان زیاتر لەگەڵ دایکیان دەبن لە چێشتخانە خۆیان فێری چێشت لێنان دەکەن و خۆیان پێ هەڵدەکێشن و لەلای هاوڕیکانی دەڵێت من دەزانم چێشت لێبنێم.

هەردوو ڕەگەز لەم قۆناغە یان زۆر لەیەکتر نزیك دەبنەوە یان لەیەکتر دوور دەکەونەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی ڕێگری ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە ئەوا منداڵەکان بۆ هەمیشە لە یەکتری جیادەبنەوە، چونکە دەڵێن منداڵەکان گەورە بوون و ڕەگەزی نێر ومێیان لێ بە دیار کەوتوون ئیتر عەیبەیە لەگەڵ یەکتر بگەڕین بەتایبەتی کچان لە کوڕان جیادەکەنەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کە هیچ ڕێگرییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نییە لەبەردەمیان ئەوا هەردوو ڕەگەز زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە و بۆ هەمیشە لە یەکتری دانابڕێن.

ئەو دەقانەی، کە بۆ ئەم قۆناغەی منداڵ دروست و گونجاوە ئەوانەن، کە لە شێوەی پرسیاردان و مێشکی منداڵەکە دەکەنەوە، وەك مەتەڵ و حەکایەتی پاڵەوانێتی و جوامێری و سەرکێشی.لەبەر ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا بووەتە کەسێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگە لە زۆر کۆڕ و مەجلیسان دابنیشی و گوێی لە حەکایەت و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش بێت و لە دەرەوە بۆ هاوڕێکانی بگێڕێتەوە و دڵیان خۆش بکات.

هەندێك لە نووسەرانی ئەم بوارە پێیان وایە، کە ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە لە قۆناغەکانی پیشوو((منداڵی ئەم قۆناغە لە تەمەنی(٨-١٢) ساڵی دەستپێدەکات، دەتوانین بڵێین، کە منداڵ دەکەوێتە جووڵەیەکی بێشومار و لە شوێنێك بە تەواوی ئارام ناگرێت، چونکە هەوڵ دەدات خۆی لە جیهانێکی تر بدۆزێتەوە و جیاواز بێت لە جیهانی قۆناغەکانی پێشووی. لەم قۆناغەدا زیاتر حەز لە کۆمەڵ بوون دەکات))(ئەحمەد،٢٠٠٦: ١٨) مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە منداڵی ئەم قۆناغە چالاکی جەستەیان زۆرە و لە شوێنێك ئۆقرە ناگرن و هەمیشە دێن و دەچن وەك ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێن، هەروەها چالاکی زەین و دەرونیشیان زۆرە بە دوای جیهانی خۆیاندا دەگەڕێن، کە جیاواز بێت لە قۆناغەکانی پێشوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ٢- بەشی دووەم:

### ٢-١ کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی ڕیالیستی:

منـداڵانی قۆنـاغی ڕیالیسـتی وەك باسـمان کـرد لە ژیـنگەی ماڵـدان، جـگە لەوەش لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆر لە منداڵان لە تەمەنی ٤-٥ساڵی دەچنە باخچەی ساوایان بەتایبەتی لە شارەکاندا. بێگومان ژینگەی شار لەگەڵ هی گوند جیاوازە، فەرهەنگی مێشکی منـداڵانی ئێسـتا جیـاوازە لە فەرهەنگـی مێشـکی منـداڵانی هەشـتاکان ونەوەدەکـان، فەرهەنگی مێشکی منداڵانی شار لە هی منداڵانی گوند قەرەباڵغترە بەهۆی ئەو شتانەی کە لە شار هەن و لە گوند نین بە پێچەوانەشەوە ئەو کەلوپەلانەی لە گوند هەن و لە شار نین منداڵانی گوند دەیانزانن و هی شار نایزانن.

بە بـڕوای ئـێمە ئەو ژانـرانەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری منـداڵان، کە کـاریگەری لەسـەر منـداڵانی قۆنـاغی ڕیالیسـتیدا هەیە هەقـایەتی بەرگـوێ ئـاگردان و گـۆرانی یـارییە فۆلکلۆرییەکانی منداڵانە. بە پێی شارەزایی و گەڕانی خۆمان هەندێك لە هەقایەتەکانی بەرگـوێ ئـاگردان دەخەیـنە ڕوو، کە زۆربەیـان بـڵاو نەکـراوەن و لە کەسـانی بە تەمەن بیستوومە.

#### ٢-١-١ هەقایەتەکان:

**- هەقایەتی یەکەم: مشك و کەستە خۆر:**

(هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو مشکەك و کەستە خۆرەك هەبوون. مشـکی گۆتە کەسـتەخۆرێ وەرە پازپـازانێ بکەیـن. مشـکی پازدا چۆ ئەوبەری جۆگەی. کەستەخۆریش پازدا کەتە ناو ئاوێ مشك هەند پێکەنی.... هەند پێکەنی هەتا کشتەکێ قـونێی پسـا)(ئەم هەقـایەتەم لە بـاوکم مستەفا ئیسـماعیل بیسـتووە)دیارە ئەم هەقـایەتە لە فۆرمێکی گاڵتەوگەپ دایە و خۆشییەك بە منداڵ دەبەخشێ و لە کورتیی و ڕووداوی کەم و تەکنیکەکەشی دیارە بۆمنداڵانی قۆناغی ڕیالیستی دەگونجێ. پەیامە پەروەردەییەکەشی ئەوەیە، کە منداڵان فێر دەکات هەموو کات بە قسەی برادەرەکانیان هەڵنەخەڵەتێن.

**- هەقایەتی دووەم: مەڕۆکە و بزنۆکە:**

(هەبـوو نەبـوو کەس لە خـوای گەورەتـر نەبـوو مەڕۆکەك و بزنـۆکەك هەبـوون. ڕۆیشتن هە ڕۆیشتن شەویان لێ بەسە داهات. بزنێ گۆ وەرە با خانییەکی بکەیـن. مەڕێ گۆ ئەمن خانی ناکەم ئەمن خوریم گەرمە سەرمام نابی. بزنۆکەی هەندەك بەرد و داری هینان و خـانیلۆکەکی دروسـتکرد و چـوو لە نـاوی پارداوە. شـەوێ هەریکـردە بەفـر و بـارانێ مەڕۆکەی سەرما بوو چوو گۆتییە بزنۆکەی جێمکە بزنێ گۆ جێت ناکەم. مەڕێ گۆ: جێ لاقەکم کە. گۆتی: جێت ناکەم. گۆتی: جێ دەستەکم کە. گۆتی: جێت ناکەم. گۆتی: جێ نینۆکەکم کە. گۆتی: جێت ناکەم. مەڕۆکە بەنابەدری چۆ دەرێ، خۆی ڕێك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەرینا و شەوێ لە برسان مرد)(ئەو هەڤایەتەم لە دیکم هەمین حەسەن بیستووە). پەیامی پەروەردەیی ئەم هەڤایەتەش لەوەدایە، کە مرۆڤ دەبێت چوست و چالاك بێت و یەدەگی خۆی وەربگرێت و تەمبەڵی نەکات زۆر کەس پێی وایە ئەم پەندە هەر لەو هەڤایەتە هاتووە کە پەندەکە دەڵێت: بزن لۆ شەوەکێ جێ خۆ خۆشەکا.

**- هەڤایەتی سێیەم: ژەنگ و بەنگ:**

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو بزنەك هەبوو دوو کارۆکەی هەبوون ناویان ژەنگ و بەنگ بوون. هەموو ڕۆژێ داکیان ئەچۆ چیای ئەلەوەڕا و هێوارانیش دەهاتۆ ئەیگۆ: ژەنگ و بەنگێ داکێ.. دەرکەی وەکەن لە ماکێ..شیری سپیم دەگوانادا..گیای شینم دەبن درانادا. ژەنگ و بەنگاش دەرکا کردۆ. ڕۆژەکی گورگی دیت، کە بزن دێتۆ مارێ خۆ بەو نەوعەی. ئەویش چۆ پێش دەرکەی مارێ بزنێ گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ دەرکەی وەکەن لە ماکێ شیری سپیم دە گوانادا گیای شینم دەبن درانا دا. گۆتیان بڕۆ ئەتو داکێ مە نی داکێ مە سۆرە چوو خۆی دە قوڕەسۆرێ وەردا و هاتۆ گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ.. دەرکەی وەکەن لە ماکێ.. شیری سپیم دە گوانا دا گیای شینم دەبن درانادا. گۆتیان داکێ مە شینە. چوو خۆی دە قوڕەشینێ وەردا و هاتۆ بەو دەستوورەی دەرکەیان لێ نەکردۆ. قۆچەکی لە دەرکەی دا و دەرکەی کردۆ وەژۆرێ کەت و ژەنگ و بەنگی خواردن.

بزن هاتۆ مارێ لە پێش دەرکەی گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ..دەرکەی وەکەن لە ماکێ شیری سپیم دە گوانادا..گیای شینم دەبن درانادا. دەرکە نەکراوە بزنێ قۆچەك لە دەرکەی دا وە ژۆرێ کەت تەماشەی کردێ ژەنگ و بەنگ نەماینە. بزن وەناو گوندی کەت چۆ سەربانێ هەرسێ بە پێیان لە بانی دا هەرسێ گۆ: ئەوە کێیە تەپەتەپێ کا... کاسەو کەوچکام پڕی خۆرەکا..مێوانم شەرمەزارەکا.

بزنێ گۆ: ئەوە منم من منۆکێ... دووچاوم هەنە بزبزۆکێ... کێ خواردیتی ژەنگ و بەنگێ من...بێتە شەڕە جەنگێ من.

هەرسێ گۆ: نەمخواردییە ژەنگێ توو.. نەمخواردییە بەنگێ توو. نایێمە شەڕە جەنگێ توو.

بزن وەسە بانێ گورگی کەت بەپێیای لەسە بانی دا.

گورگی گۆ: ئەوە کێیە تەپە تەپێ کا... کاسەو کەوچکام پڕی خۆرەکا.. مێوانم شەرمەزارەکا.

بزنێ گۆ: ئەوە منم من منۆکێ.. دوو چاوم هەنە بزبزۆکێ..کێ خواردیتی ژەنگ و بەنگێ من بێتە شەڕە جەنگێ من.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گورگی گۆ: خواردیتم ژەنگێ تو.. خواردیتم بەنگێ تو دێمە شەڕە جەنگێ تو. وێکڕا ڕۆیشتن گۆتیان ئەچین بە شەرعەکەین.چوونە کن مەلای بە شەرع بکەن. مەلای درانێ گورگی دەرینان هەویری لۆ لێنان. قۆچێ بزنێی دەرینان ئێ پۆرای لۆ دانان. ئێجە گۆتی شەڕی بکەن. گورگی دەوێ خۆ لێکەکردۆ درانی پێك وانووسان. بزنێ قۆچەك لە هورگێ گورگی دا ژەنگ و بەنگ هاتنە دەرێ. بزنێ گۆ ئۆ لەکێ بوون. گۆتیان چووبووینە مارێ خاری شیون خوارد بە مراکێ قوتۆ قوتۆ. هەقایەتم بڕا و هیچیشم پێ نەبڕا)(ئەم هەقایەتەشم هەر لە دایکم هەمین حەسەن بیستووە).

پەیامی پەروەردەیی ئەم هەقایەتە لەوەدایە منداڵ فێردەکات، ئەگەر کەسیان لە ماڵ نەبوو نابێت دەرگا لە کەس بکاتەوە، بیر تیژی منداڵ زۆر گرنگە کە وا پەروەردە بکرێ هەڵنەخەڵەتێ و کەسی نزیکی خۆی بناسێتەوە. لە لایەکی ترەوە فێڵبازی گورگەکە دەردەخات کە وا ڕەنگی خۆی گۆڕی و دواتر کە خواردنی دەرگاکەی وەکو خۆی لێ کرۆتەوە بۆ ئەوەی بزن زوو نەزانێت. هەروەها ڕاستگۆیی و چاونەترسی پەیامێکی تری چیرۆکەکەیە، ورچ نەیخواردبوون گوتی نەمخواردوون. گورگ خواردبوونی گوتی من بووم و بە مەردیش دێمە جەنگی تۆ. مەلا کە شەرعی بۆ کردن لای حەق و ڕاستی گرت. بەمەش پەیامێکی تری ئایینی دێتە دەست ئەویش ئەوەیە کە منداڵ فێر دەکرێت کە پیاوانی ئایینی هەمیشە لەگەڵ حەق و ڕاستی دان بۆیە مەلا لای بزنەکە دەگرێت و کارێکی وا دەکات کە بزن لە شەڕەکە بەسەربکەوێت. لەبەر هەبوونی ئەو دەقانی کە وەکو شیعرن لە ناو هەقایەتەکە ئەوە شیعییەتێکی جوانی بە هەقایەتەکە داوە و منداڵی ئەم قۆناغە حەزی پێدەکەن.

## ٢-١-٢ یاری و گۆرانییەکانی

یاری و یاریکردن بەشێکی گرنگیی ژیانی منداڵ پێکدەهێنێت، ئەوەی لەویش گرنگترە ئەو دەقانەی، کە لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون و پەیامی پەروەردەییان پێبووە. هەروەك لە بەشی تیۆرییەکەش باسکرا و ڕوون کرایەوە. یارییەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر:

**١- یاری کچان.**

**٢- یاری کوڕان**

**٣- یاری کوڕان و کچان پێکەوە.**

١- **یاری کچان:** چەندین یاری کچانە هەیە، کە لەم تەمەنەدا ئەنجامی دەدەن، لە هەر دەڤەرێك و شوینێك بە جۆرێکە. بە پێی زانیارییەکانمان زۆربەی یارییەکانی منداڵانی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قۆناغە دەقی لەگەڵدا نییە، چونکە منداڵەکان بچوکن و دەقیان پێ لەبەر ناکرێت، یارییەکانیش وەك:

أ- **بوکانێ**: یاری بە بووك دەکەن و دەیڕازێننەوە و گەڵێك جاریش نان و ئاوی پێدەدەن، ب- **یاری خانیلۆکانێ** یان خانۆچکانێ: کۆمەڵێك کچ کۆ دەبنەوە و هەریەکە و خانیۆکەیەك بە بەرد دروست دەکەن و دەچنە ماڵی یەکترو خواردن دەخۆن واتە زیاتر شێوەی شانۆگەری هەیە و نواندنی تیدایە.

٢- **یاری کوڕان**: ئەویش بە هەمان شێوە یارییەکانیان لە شێوەی شانۆگەری دایە و جولانەوە و نواندنی تێدایە و دەقیشی زۆر کەم تێدایە بۆ نموونە:

أ- **یاری ترومبێلانێ** یاری بە ئۆتۆمبێلی منداڵانە دەکەن و دێن و دەچن بە بێ ئەوەی دەقی لەگەڵدابێت،

ب- **(کاروان و کاشی)**: کۆمەڵێك کوڕ پێکەوە لە شێوەی بازنە دایە، پشتی یەکتر دەگرن. ئەوە دەقێکی کورتی تێدایە و دەڵێن: **کاروان و کاشی......... ئاسکەم بلباشی**(لە منداڵانی خۆم وەرم گرتووە).

٣- **یاری کوڕان وکچان**: لەم تەمەنەدا یاری کوڕان و کچان پێکەوە کەم بەرچاو دەکەوێت ئەوەی هەیە گەورەکان یارییان لەگەڵ دەکەن یان پێیان دەکەن وەك:

أ- **(فڕی فڕی قەل فڕی)**، کە شێوەی ئەنجامدانی بەم شێوەیەیە: باپیرە گۆچانەکەی دێنێت و منداڵان لە دەوری کۆدەبنەوە و باپیرە پەنجەی شەهادەی لەسەر گۆچانەکە دادەنێت و منداڵەکانیش وادەکەن. باپیرە دەڵێت فڕی فڕی قەل فڕی. دەبێت هەموویان پەنجەی شەهادەیان بڵند بکەن ئەگەرنا تێدەکەون. جا باپیرە جاری دووەم دەڵێت فڕی فڕی (کۆتك) فڕی ئەوەی پەنجەی بڵند بکات تێدەکەوێت، چونکە کۆتك واتە جام نافڕێت. با بڵێین یەکێك تێکەوتووە با بزانین سزاکەی چییە؟ باپیرە پێی دەڵێت: گاڕانێ خۆت هاویشتە کێندەر؟ ئەویش دەڵێت: **گاڕانێ خۆم هاویشتە دۆرێ**. باپیرە پێی دەڵێت: **کیری مندارات دە زەندۆرێ**، یان دەڵێت: **گاڕانێ خۆم هاویشتە تیشی** باپیرەش دەڵێت: **گووت بە ئیشی دەگە ڕیشی تێت وە کیری مام دەرویشی**. بێگومان مەرج نییە هەموو دەقێکی فۆلکلۆری منداڵان دەقێکی پەروەردەیی ڕاست بێت ئەوەتا لەم دەقەدا باسی ئەندامی نێرینە دەکرێت ئەوەش بۆ ئەم منداڵانە شتێکی ڕاست و پەروەردەیی نییە. بە ڕای ئێمە ئەوە بۆ چەپاندنی سێکسی دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێگری ئایینی و کۆمەڵایەتی و دابونەریت ڕێ بە ئازادی سێکسی نەداوە، بۆیە لەو جۆرە یارییانەدا دەری دەبڕن. لە مەتەڵێشدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت دواتر باسی دەکەین. ئەوەی لەم یارییە فێری منداڵ دەکرێت ئەوەیە، کە منداڵان فێری وردیی و سەرنجدان دەکات، کە باپیرە چ دەڵێت، فێریان دەکات کە زەین و هۆشیان لای باپیرە بێت، ڕەنگە ئەوەش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سوودی  هەبێت و منداڵ فێر بکات کە سەرنج بداتە مامۆستاکەی لە کاتی ڕاڤە کردنی وانەدا، کە چی دەڵێت.

ب- **هەللوور بەللور:** ئەم یارییە لە نێوان کوڕ و کچان دەکرێت. دوو منداڵ یان چەند منداڵێك بەرامبەر یەك دادەنیشن و پێیەکانیان بەرامبەر یەك دادەنێن و بە پەنجە نیشانە بۆ پێیەکان دەکەن بە ڕیز و ئەو دەقەی لەگەڵ دەڵێن:

**((هەللوور بەللور تەکامە**
**زەرد و سۆر و شەمامە**
**ئارنجی بر بارنجی**
**سلێمان قنجی**
**عەیشێ ماوا**
**لە خۆشناوا**
**ئەگری چاوا**
**چاوێ بە گوو**
**پێم تێڕاچوو**
**هەستە ئەتوو))**

لەو کاتە یەك لە پێیەکان دەبێت هەڵبگیرێ جا هی کامەیان بێت. (ئەم دەقەم لە منداڵانی خۆم بیستووە و خۆشم لە بیرم ماوە).پەیامی پەروەردەیی ئەم دەقە ئەوەیە، کە باسی ڕەنگ و ئاڵ و واڵایی دەکات ئەمەش بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە چێژ بەخشە و فێری یاریشیان دەکات. دەکرێت منداڵانی ئەمڕۆش سوود لەم یارییە وەربگرن بۆ فێربوونی ڕەنگەکان.

ت- **خارخارۆکە**: ئەم یارییە منداڵی بچووك کچ و کوڕ دەیکەن. یارییەکە بە تەنهایە خارخارۆکەیەك لەسەر دەستی خۆی دادەنێت و قسەی لەگەڵدا دەکات و پێی دەڵێت:

**خارخارۆکە ماری خارم لە کێیە؟** ئەوە زۆر دووبارە دەکاتەوە هەتا خارخارۆکە دەفڕێت، بەرەو کام لا ڕۆیشت منداڵەکە پێی وایە ماڵی خاڵی لەوێیە. پەیامی پەروەردەیی لەم یارییەو دەقە کورتەدا خۆشەویستی خاڵە بۆ منداڵەکە، ئەمەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگە. منداڵ فێری خۆشەویستی خێزان و فامیلی دەکرێت.

**٢-٢- کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی ئەندێشەی فراوان.**

ئەم قۆناغە وەك باسکرا لە تەمەنی شەش ساڵی دەستپێدەکات تا دەگاتە تەمەنی هەشت ساڵی، سەرەتای چوونە دەرەوەی منداڵە لە چوارچێوەی ماڵ و ژینگەکەی فراوان دەبێت. لە ڕووی دەروونیشەوە خەیاڵیان فراوان دەبێت و لە چوارچێوەی تەسکدا نامیننەوە. کۆمەڵێك یاری و حەکایەت و مەتەڵ کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر پەروەردەکردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

منداڵانی ئەم قۆناغە. بەپێی هەبوونی زانیاری و شارەزایی خۆمان چەند یاری و مەتەڵ و حەکایەت و دەقەکانیان پێشکەش دەکەین: سەرەتا یارییەکان باس دەکەین و لە یاری کچانیش دەستپێدەکەین:

**٢-٢-١ یاری کچان:**

١- **پێنجوکانێ**: یارییەکە لەنێوان دوو کچ دەکرێت و بە پێنج بەردی وەك کلۆی شەکر دەکرێت و بەشەکانی بریتین لە(**پاتۆکە، قلینچك، ناوەندۆك، کەربی کەرێ، فتێ گۆلکێ، پفوبا، پانەقۆچ، شاخی سۆر، قۆچێ بزنێ، گاڕانێ گچکە، گاڕانێ گەورە، مەللا، گوێ کەرێ، ناوەندۆك، پەنجە تووتە، پەنجەڕیخ، قەبرێ جووی، قەبرێ ئیسلامی)**.
ئەم یارییە زۆر دەقی لەگەڵدانییە و لە هەر شوێن و دەڤەرێك جۆرێکە و هەنگاوەکانیش دەگۆڕدرێن، لە سەرەتای دووهەزارەکان کچەکەی خۆم بینی یاری پینجوکانێی دەکرد، بەڵام هەنگاوەکانی ئەوەندە زۆر نەبوون. ئەمەش واتای ئەوەیە کە یارییەکە لەگەڵ سەردەمی پڕ کاریی و سەردەمی تەکنەلۆجیا خۆی گونجاندووە. جاران چونکە خەڵك بێ کار بوو کاتیان زۆر تر بوو بۆیە یارییەکەش دوور و درێژتر بوو. لە بادینان لە قۆناغی مەللا دەقی لەگەڵ دەگوترێ لە بەشێکی دەقەکە دەڵێن:

**((دارا زێدە**

**خرەك لێدا**

**چوو دگەڕێ دا**

**کەر گەڤزی**

**شەیتان ڕزی))** (سالح،٢٠٠٩: ٥٩)

لەم دەقەدا پەیامی پەروەردەیی ئەوەیە، پەیامێکی ئایینی پێیە ئەویش ئەوەیە، کە دەڵێن کەر و شەیتان پێکەوە باس دەکات کەر گەڤزی واتە خۆی لە خۆڵ وەردا و گەوزی، شەیتان ڕزی واتە بۆ منداڵ ڕوون دەبێتەوە کە شەیتان خراپە و خراپەکاری دەکات و بۆیە با بڕزێت و لەناوبچێت.

٢- **مۆرییانێ**: ئەم یارییە لە نێوان دوو کچدا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر لەدەرەوە بیکەن چاڵێکی بچووك دروست دەکەن و ئەگەر لە ژوورەوەش بیکەن لەسەر فەرشی ماڵ گوڵێك بە نیشان دەکەن و دەیکەن بەشار یارییەکەش وایە مۆرییەك دادەنێن لە دووری نیو مەتر لە شارەکە ئینجا بە نۆرە بە پەنجەی ئەسپێ کوژە پاڵی پیوە دەدەن کە بیخەنە چاڵەکەوە و دەبێت بە ژمار بیان خەنە چاڵەوە. ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

٣- **ساپ ساپانێ**: ئەم یارییە لە نێوان دوو کچدا دەکرێت و لە شێوەی لاکێشەدا خەتێك دەکێشن و دواتر سێ خەت بە ئاسۆیی و خەتێکیش بە ستوونی دەکێشن واتە هەمووی دەبێتە شەش خانە. ئینجا ساپەکە، کە بەردێکی پانە و بە قەد کفتەیەك دەبێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرەتا بۆ دەستپێکردنی یارییەکە تەڕ و هیشکانێ دەکەن بزانن کێ یەکەمجار دەستپێدەکات، دواتر کامەیان بردییەوە دەست بەیارییەکە دەکات و دەبێت ساپەکە بەیەك پێ لە هەموو خانەکان دەربچوێنێ لە کوێ کەوت ئەوەی تر دەستپێدەکات و بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت. وەکو بزانم ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

٤- **حەبلانێ:** دوو کچ یان هەندێك جار یەك کچیش بۆ خۆی دەیکات. حەبلێك دێنێت، کە بەقەد باڵای خۆی بێت و هەڵبەز و دابەزی لەسەر دەکات و دەقیشی لەگەڵدا نییە. ئەم یارییە سوودی جەستەیی بۆ منداڵ زۆرە و وەك وەرزشێك وایە.

**- یاری کوڕان لە قۆناغی ئەندێشەی فراوان:**

لەم قۆناغەدا منداڵانی کوڕ کۆمەڵێك یاری ئەنجام دەدەن وەك:

أ- **کەلایانێ (هەڵماتێن):** کەلایانێ یارییەکی کوڕانەیە، بە دووکەس یان زیاتر دەکرێت، بە زۆر شێوە و بەپێی دەڤەرەکە دەگۆڕێت. لە لای ئێمە(دەشتی هەریر)بەم شێوەیە دەکرێت: بۆ نموونە ئەگەر یاریکەرەکان چوار کەس بوون، هەر یەکە و تاکەیەك دادەنێت زۆر جار پارەی ئاسن بوو بە ڕیز دایان دەنان و بە دووری سێ مەتر بەردێکیان دادەنا وەك شار کەلایەکانیان دەهاویشتە بەردەکە کامە لە هەموویان نزیکتر بوو دەبووە مەرە، ئەوەی لە دوای ئەو دوومەرە بوو، ئەوەی تر سێ مەرە، ئەوەی کۆتایی دەبووە قاڕە. ئینجا یەکەمجار مەرە کەلایەکەی بۆ ناو تاکەکان دەهاویشت، ئینجا دوو مەرە، پاشان سێ مەرە دەیتوانی تاکەکان بخوات ئەگەر لێی بدابوایە، بەڵام مەرە و دوو مەرە نەیان دەتوانی تاکەکان بخۆن ئەگەر لێشیان بدابوایە، پاشان قاڕە کەلاکەی خۆی دەهاویشت ئەگەر لە تاکەکی بدابا یەکسەر دەیتوانی بەرامبەرەکەی بکوژێت واتە لە کلاکەی ئەوی دەدا و دەکوژرا و بەمشێوەیە بەردەوام دەبوو. ئەوەی من بزانم ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

ب- **پەلیکانێ(هەلوکێن):** ئەم یارییە لە نێوان دوو کوڕ ئەنجام دەدرێت پێکهاتووە لە پەلیك واتە دارێکی کورت بە قەد بستێك و دار پەلیك بەقەد هەشتا سانتیمەتر. ئەم یارییەش بە زۆر شێوە دەکرێت و بە پێی دەڤەر و ناوچە دەگۆڕێت. لە دەڤەری ئێمە بەمشێوەیە دەکرێت: چاڵێکی بە قەد مشتە کۆلەیەك لێدەدرێت، پەلیکەکەی لەسەر دادەنێن وبە دار پەلیکەکە لە بنی هەڵدەدەن، بەرامبەرەکەشی دار پەلیکێکی تری پێیە و دەتوانێ لە پەلیکەکە بدات بۆ ئەوەی زۆر نەڕوات دواتر ئەوەی یەکەمجار لە پەلیکەکەی داوە بە دار پەلیکەکەی هەنگاوەکان دەژمێری لەو شوێنەی پەلیکەکەی لێکەوتووە هەتا شاری چەند بی بە بەرامبەرەکەی دەڵێت ئەوەندە کرمەت تێدایە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- **یاری کوڕان وکچان:** کۆمەڵێك یاری هەن کوڕان و کچان پێکەوە ئەنجامی دەدەن و لەم تەمەنەشدان. بەپێی زانیاری خۆمان و وەك بیستوومانە هەندێك یاری باس دەکەین.

أ- **هەیـاران و مەیـاران:** ئەم یـارییەش بەپێـی دەڤەرەکە دەگۆڕێت و ناوەکەشـی لە هەمـوو شـوێنێك وەك یەك نییە.منـداڵەکانیش لە تەمەنـی جیـاواز دان واتە مەرج نیـیە تەنهـا منـدالانی ئەم قۆنـاغە ئەم یارییە ئەنجـام بـدەن. لەلای ئێمە بەمشێوەیەیە: کـوڕ و کـچ پێکەوە ژمارەکەی دیار نییە، دەکرێت زۆر بن، یەکێـك دەکەنە شەمووڵە دەم و چاوی بە خەڵـووز ڕەش دەکەن و شـەوانی پـایز کە کـاتی بـارانە و بەڵام دواکەوتـووە منـداڵان پێکەوە دەچنە پێش ماڵان و پێکەوە دەڵێن:

**(( هەیاران و مەیاران**

**یاخوا بکاتە باران**

**بۆ فەقیر و هەژاران**

**دەغرێ حەسەن و حوسێنان**

**هەمـوو قـڕ بـوو لە تێنـان))(ئەم دەقەشـم هەر بەبیـر مـابوو)**. دوای ئەوە لە پـێش ماڵەکـان ڕادەوەستن و دوو کەس شەمولەکە هەڵدەپەڕێنن و دەڵێن:

**شەمووڵە شەکری دەوێ**

**پارە نەبی نایهەوێ.** ئینجا خاوەن ماڵ شتیان دەداتێ وەك(شەکر، مێوژ، لەتکە هەنجیر...هتد بەم دواییانە پارەشیان دەداتێ. پەیامی پەروەردەیی ئەم یارییە ئەوەیە، کە منداڵەکان پێکەوەن کـوڕ و کچـیش بەیەکەوەن هەم چێـژ دەبیـنن و هەم ئەرکێکـی کـۆمەڵایەتیش بەجـێ دەگەیەنن و پێیان وایە دوای ئەوە باران دەبارێت. دەپاڕێنەوە و باسی حەسەن و حوسێن دەکەن بە واتای ئەوەی ئەم دوو برایە غەدرێکی گەورەیان لێکراوە و خودا لەبەر خاتری ئەوان بـاران دەبارێنێت، یـان خەڵـك هەمووی وەکـو حەسـەن وحوسـێنانی لێهـاتووە و زۆر بێتـاوانن و خودایە بارانیان بۆ ببارێنی.

**ب- یاری هە ڕێوی ڕێوی:**

ئەم یـارییەش هـی کـوڕان وکچـانە بەیەکەوە دەسـتی یەکتـری دەگـرن و لەشـێوەی هەڵپەڕکێ(داوەت) وەکو بازنە دەسوڕێن و ئەم گۆرانییە دەڵێن:

هە ڕێوی ڕێوی هێ

ڕێوی بێ ئیمان هێ

سەرۆکی شەیتان هێ

قاقەز ئەنووسم لۆ هێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢-٣ کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی پاڵەوانێتی:**

ئەم قۆناغە تەواو پێشکەوتووە و لەناو جەرگەی کۆمەڵگادایە، بەرەو کۆمەڵایەتیبوون و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی هەنگاو دەنێ، بۆیە ئەو جۆرە دەقانەی فۆلکلۆری، کە باسی ژیان و ئازایەتیی و سوارچاکی دەکەن ئەوانە کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر ژیانی ئەو منداڵانە هەیە. بە ڕاددەی هەبوونی زانیاری خۆمان و ئەو سەرچاوە و گەڕانەی کردوومانە هەندوێك لەو دەقانە دەخەینە بەرچاو.

**٢-٣-١ حەکایەت:**

أ- هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، مارە ڕەوەندەك هەبوو مریشکەکیان هەبوو، مریشك کورك ببوو. مارە ڕەوەند باریان کرد و هەواریان گواستەوە. مریشکیان لەبیر کرد. مریشکێ جووچکە دەرینان و هاتۆ سە هەواری جێیەکی چۆل و هۆل کەس دیار نەبوو. مریشك ڕۆیی، هە ڕۆیی هەتا گەیشتە مارێ مام حەیدەری شاوری، مام حەیدەری شاوری تاژی و توولەی هەبوون ڕاویەکرد.

ڕیوی هات  بە مریشکێی گۆت: فەرخاتە خۆم.

مریشکێ گۆ: جارێ جوچکەم گچکەنە، وکی گەورە بوون ئێجە وەرە بیانخۆ.

ڕیوی گۆ: باشە. فەترەك پێچوو ڕیوی هاتۆ

گۆتییە مریشکێ: ئێجە ئەوە فەرخەت گەورەبووینە هاتیمە بیانخۆم.

مریشکێ گۆ ڕاوەستە ئەلعان دێمۆ، بە دزی چوو وەیگۆتە مام حەیدەری: خۆت حازرکە ڕیوی هاتییە ئەرێ فەرخاتە خۆم وکی وەمگۆ لۆم بگرە ئێجە بتبینم تاژی و تولانی تێبەردە.

مام حەیدەری گۆ: باشە بەسەرچاو خەمت نەبی.

مریشك چۆوە کن مام ڕیوی گۆتی: وەرە با هەندەك داوەتێ بکەین ئیجە فەرخەکان بخۆ

ڕیوی گۆ: باشە

دەستیان بە شایێ کرد ئەو بەندانەیان لۆ ئێك ئەگۆتن

ڕیویە گۆ: **مریشکێ مریشکە لانێ**

**سینگت خۆم سیقەدانێ**

**وەرە با بکەین دیلمە و دیلانێ**

مریشکێ گۆ وەڵڵا مام ڕیوی قسەکی وەت کرد کورتژنم کەتە درێ.

مریشکێ گۆ: **مام حەیدەری شاوری**

**مریشکە قوندەت دەبە مری**

**لۆم بگرە ڕیویێ چەقەری**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئێجە مام حەیدەری شاوری گۆ: دۆیهە، تاژی و توولە کەتنە دوو ڕیوی و لێك و پێکیان دەرینا. مریشکیش رزگاری بوو، کارەکم دڕا و چم پێنەبڕا.))(ئەم حەکایەتەم لە خوشکم عەتیە مستەفا وەرگرتووە).

پەیامی پەروەردەیی لەم حەکایەتە ئەوەیە، کە منداڵ دەزانێت ڕێوی ئەو ئاژەڵەیە کە دوژمنی مریشکە و لەهەمان کاتیشدا فێڵبازە و نابێت باوەڕی پێبکەیت، هەروەها زۆرزانی و تاکتیکی مریشك فێری ئەو منداڵانە دەکات، کە ئەگەر مرۆڤ کەوتە ناو داوێکەوە بتوانێت تاکتیك بەکار بهێنێت و خۆی ڕزگار بکات. لەلایەکی ترەوە منداڵی ئەو تەمەنە وێناندن بۆ شتەکان دەکات ئەو وێنەیەی، کە تاژی و توولەکان هێرش بۆ ڕێوییەکە دەبەن چێژێکی زۆر بەمنداڵەکان دەبەخشێت و خۆیان لە جێی مام حەیدەر دادەنێن.

**٢-٣-٢ مەتەڵ(مەسەلۆك، مەتەرۆك):**

مەتەڵ یان مەسەلۆکە بۆ زاخاودانی مێشك بە سوودە و لێزانیی گەل و تاکەکانی دەردەخات، وەك لە بەشی تیۆری باسمان کرد مەتەڵ تەنها لە فۆلکلۆر باس نەکراوە، بەڵکو شاعیرانیش مەتەڵیان هەیە و لە شێوەی شیعردا مەتەڵەکەیان داڕشتووە، بە بیر و ڕای ئێمە مەتەڵ یان مەسەلۆکە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە زیاتر گونجاوە، چونکە گەیشتوونەتە تەمەنێك پێویستیان بەوەیە زیاتر مێشکیان فراوان بێت وئامادەبن بۆ هەنگاوی زیاتری ژیان و بابەتەکانی.

مەتەڵ لەسەر هەموو بابەتەکانی ژیان هەیە، بۆیە منداڵ زانیاری لەسەر هەموو بابەتەکانی ژیان پەیدا دەکات و بە ڕێگایەکی سەرنجڕاکێش، کە پرسیارێکی خۆش و هەندێك جاریش ناوەڕۆکێکی گاڵتەئامێزی هەیە.

**١- سەرەتا ئەو مەتەڵانە دەهێنینەوە کە بە شێوەی پەخشانن:**

- **قەسرێ سپی سواندێ کەسك. (پیاز)ە.** (ئەم مەسەلۆکەیەم لە باوکم بیستووە)، واتە منداڵ فێردەبێت بیر بکاتەوە و مەتەڵەکە هەڵبهێنێ. لە زۆربەی مەتەڵەکان وێکچوونێك هەیە بۆنموونە زۆربەی قەسرەکان سپین، پیازیش سپییە. سواندەی جاران زۆریان کەسك بوون گەڵای پیازیش کەسکە.
- **مردی کیر ڕەپ.(مەسینەیە)**(ئەو مەسەلۆکەشم لە باوکم بیستووە). وەك گوتمان ناوەڕۆکی مەسەلۆکەکان وەکو نوکتە هەندێکیان مەسەلە سێکسییەکان دەوروژێنن. ئەمەش لەبەر چەپاندنی سێکسە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. لەم مەسەلۆکەیەش وێکچونێك هەیە لە نێوان لوولەی مەسینەکە و ئەندامی نێرینەی مرۆڤ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- **كەر مردی بار زندی.(لانك)**ە(ئەم مەسەلۆكەیەشم لە باوكم بیستووە)، واتە لانكەكە مردووە و وەكو كەریش وایە، كە خەڵك سوودی لێوەرگرتووە، بارەكەشی منداڵە، لێرەدا ڕەوانبێژییەكە وەكو دژیەك وایە.
- **یەكە و لە هەزار گەورەترە.(خودا)یە**.(عەبدوڵلا،٢٠١٤: ٢٨٠). پەیامی پەروەردەیی لەم مەتەڵە پەیامێكی ئایینیە و منداڵان ئاشنای بنەماكانی ئایین دەكات، كە یەكەم جار مرۆڤ دەبێت خودای خۆی بناسێت.
- **لە زگێ داكێ دێتە دەرێ، پشتێ بابیە خورینی.(شقارتە)یە**(ئەم مەسەلۆكەشم هەر لە باوكم بیستووە). هەندێك لە مەتەڵەكان شێوەیەكی كۆمیدییان هەیە، منداڵ بیر دەكاتەوە چۆن، كە منداڵ بوو یەكسەر پشتی باوكی دەخورێنێ، بۆیە مێشكی دەجوڵێنێت و ئەگەر زانی ئەوە دیارە زیرەكە، ئەگەر نەیزانی كاتێك بۆی ئاشكرادەكەیت زۆری پێ جوان دەبێت و لەبیری ناكات.

**٢- ئەو مەتەڵانەی لە شێوەی یەك دێڕە شیعردان:** بێگومان ئەوانە شیعر نین دەتوانین بڵێین ئەوانە پەخشانی سەروادارن واتە (النثر المسجع). چەند نمونەیەكیش لەم جۆرە دەهێنینەوە.

- **بووك لە خانی........... كەزی لەسەر بانی.(پیفۆك)**(ئەومەتەڵەم لە باوكم بیستووە). پیفۆك جۆرە خواردنێكی بەهارییە لە تیش و ناو زەوییان شین دەبی، خۆی لە بن زەوییە هەڵیدەقەڵێنی و وەكو كەلایەكی شووشەی بچووك وایە بەرگێكی وەكو گوێز هیندی لەسەرە و پاكی دەكەیتەوە و دەیخۆی گەڵاكانیشی لەسەر زەوین بەوە دەیدۆزیتەوە و دەیناسیتەوە، واتە دیسان وێكچوون هەیە.بەمجۆرە منداڵ ئەو جۆرە گیایە دەناسێت.
- **تەپ لەسەر تەپی......... دەستت لە شینە ڕەپی.(دەستاڕ)**ە(ئەم مەتەلەشم هەر لە باوكم بیستووە).ئەم مەتەڵەش شیوە و دەربڕینێكی سێكسی پێوە دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی دەستاڕە، كە دوو بەردی خڕی گەورەن، هەردووكیان لەسەر یەك دادەنێن هەردوكیان لە ناوەڕاستدا كونن، ئەوەی سەرەوە لە لایەكی كونێكی تری تێدایە و دارێكی بە قەد ناولەپی مرۆڤ و بەقەد بستێك درێژی تێدەكوتن و دەستاڕگێڕەكە دەستی خۆی تێدەگرێت. منداڵ هەم كەرەسە فۆلكلۆرییەكە دەناسێت و فێریش دەبێت، كە بۆچی بەكاردێت.
- **سپی سپی پەریخان........... دایمە دەچتە دیوەخان.(برنج)**ە.(جەمال،٢٠٠٦: ٥٧). ئەوەش واتای ئەوەیە، كە منداڵ فێربێت و بزانێت برنج ئەو خواردنەبووە زیاتر بۆ دیوەخانان چووە، واتە مرۆڤی هەژار و نەدار پارەی برنج كڕینی نەبووە و برنج تەنها خۆراكی دیوەخان و ئاغاكان بووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

- **به گەرمایێی جلەکەم........ بەسەرمایێی ڕووتەکەم.(سێری نان(ساج).**(ئەم مەتەڵەشم هەر لە باوکم بیستووە). لێرەشدا وێکچوونەکە هەر بەردەوامە کاتی نانکردن گەرمەو ئەو سێرە ئاگری لە بنە، نانیشی لەسەر دروست دەکرێت واتە وەکو ئەوە وایە حلی پیدا بدەی، کاتی کارەکەش تەواو بوو ئەوا ڕووتە و هیچی لەسەر نییە. منداڵ فێری ناوی کەرەسەکە دەبێت و بیرکردنەوەشی تیژ دەبێت.
- **فەرشی سەوزە لە دەم حەوزە.......... نەسڵقە نە کەرەوزە(فریز)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٦١). مەبەست لێی چیمەن و فریزە، کە حەزی لە دەم ئاو و حەوزە، کە سەوزە و لێرەدا بە گەڵای سڵق و کەرەوز چوێنراوە.
- **مامەکم هەیە لە دەشتێ....... سی و سێ کونی دە پشتێ.(داوە کا).**(ئەم مەسەلۆکەیەشم لە باوکم بیستووە). لە مەسەلۆکە یان مەتەڵی کوردەواری ئەوە زۆر دووبارە دەبێتەوە مامەکم هەیە یان خارەکم هەیە. منداڵ لەم مەتەڵە فێری کەرەسەیکی تری فۆلکلۆری دەبێت، کە باب و باپیرانی ئێمە بەکاریان هێناوە بۆ کاکێشان لە هاویناندا و بەپشتی وڵاغ کارەکە ئەنجامدراوە.

**٣- ئەو مەتەڵانەی لە یەك دێرە شیعر زیاترن:** بۆ ئەم جۆرەشیان چەند نموونەیەك دەهێنینەوە.

- **ئەگەر دێ پیرە**

**دادەنیشی دەڵێی میرە**

**دەڕوا فەقیرە...(بەفر)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٨). واتە کە بەفر دێت وەکو پیرێك وایە و سەری سپییە، کە هات و دنیای سپی کرد وەکو میر وایە و گوێ بە کەس نادات، کە ڕۆیشتیش بە هەژاری دەڕوات. منداڵ فێر دەبێت، کە پیر واتە سەری سپی و میر یان ئاغا وەکو خەڵکێکی ئاسایی نییە و فەقیریش دەناسێت، کە کێیە و ڕەنگە پیویستی بە یارمەتی بێت.

- **چوومە سەر گردەکی**

**پێم کەتە کووپەکی**

**هەموو هات لە ڕەنگەکی..(شارە مێروولە).**(ئەم مەتەڵەم لە باوکم بیستووە). پەیامی پەروەردەیی ئەم مەتەڵە ئەوەیە، کە منداڵ خۆشەویستی بۆ مێروولە دەجوڵێت و بە پێیەکانی ئازاری نادا.

- **یەك دەبێ بە هەزار**

**دەچێنرێ لە دەشت بە بار**

**بە کاروان دەبرێ بۆ شار..(گەنم)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٣٦). ئەم مەتەڵە زانیاری بە منداڵ دەدات، کە گەنم چۆن دەچێنرێت و یەك دەنکە گەنم زیاد دەبێت و دەبێتە هەزاران دەنك وڕەنگە پرسیار لە بەیار بکات و پێی دەڵێن ئیتر زانیارییەکی تەواو وەردەگرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- جۆرە دەقێکی تر هەیە وەکو شیعر وایە و پەیامێکی پەروەردەییشی پێیە. بۆنموونەکاتێك پەرەسێلکە دێت و لەسەر پەنجەرەی ماڵان هێلانە دەکات و لەسەر زمانی پەرەسێلکە گوتراوە: **ئاوێ دینم لە مەدینێ**

**قوڕێ دینم لە قورە شینێ**

**ئەوەی هێلانۆکەم لێ تێکدا**

**ئێکی لە ماڕێ بابی نەمینێ**.(بەمنداڵیی بیستوومە).

ئەوە پەیامێکی پەروەردەیی جوانی پێیە، کە منداڵ هێلانە تێك نادات، چونکە پێی گوتراوە کە مەدینە شوێنێکی پیرۆزە و ئەو باڵندەیەش پیرۆزە و زۆر ماندووە، نابێت ئەزیەت بدرێت. جا کە منداڵ ئەزیەتی پەرەسێلکەی نەدا ئەزیەتی چۆلەکەش نادا و بەمشێوەیە ئاژەڵیشی خۆشدەوێت و ئەزیەتی نادا.

- نەریتێکی تری پەروەردەیی ئەوەبوو، ئەگەر منداڵ هەناری بخواردبا پێیان دەگوت دەنکێکی لە بەهەشتەوە هاتووە، بۆیە منداڵەکە هەوڵی دەدا یەك دەنك هەنار نەڕێژێت، چونکە دەیگوت لەوانەیە ئەو دەنکە هی بەهەشت بێت. بەوەش منداڵەکە پاك و خاوێنی خۆی و شوێنەکەی ڕادەگرت.

**ئەنجامەکان:**

- ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵانی کورد دەوڵەمەندە، بەڵام وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.
- هەموو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، بۆ تەمەنی منداڵان چێژبەخش نییە، بۆیە ڕەچاوکردنی تەمەن هەنگاوێکی زانستییە.
- گۆرانی یاری بۆ منداڵانی قۆناغی ئەندێشەی ئازاد(٦-٨)ساڵیی و قۆناغی(٨-١٢)ساڵیی زۆر گونجاوە و بنەمای پەروەردەیی زۆری تێدایە.
- مەرج نییە هەموو دەقێکی فۆلکلۆری منداڵان پەروەردەیی بێت.
- ناوەرۆکی مەتەڵەکان لە بیر و زەینی منداڵان نزیکن مێشکیان دەبزوێنێت.
- هەندێك لە مەتەڵەکان شێوازێکی سێکسیان هەیە، ئەویش لەبەر چەپاندنی سێکسە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

**- پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:**

- پێشنیاز دەکەین لە هەموو زانکۆکانی کوردستان سەنتەرێکی کۆکردنەوە و توێژینەوە و پۆلێنکردنی فۆلکلۆر بە گشتی و ئەدەبی فۆلکلۆری هەبێت.
- مامۆستا و قوتابیانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هان بدرێن بۆ کۆکردنەوەی کەرەسە و ئەدەبی فۆلکلۆری.

- هەوڵ بدرێت ئەركی كۆكردنەوە ی فۆلكلۆر لەسەر شانی تاكەكەس نەبێت و حكومەت ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆ.
- دەكرێت ئەو حەكایەت و گۆرانی یاری و مەتەڵانە وەك ئەنیمەیشن و بەرنامەی ئەلیكترۆنی داخیلی ئەنتەرنێت بكرێن و منداڵی كورد سوودی لێ ببینێت.

## سەرچاوەكان:


- ئەحمەد، نەوزاد عەلی، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٦.
- ئەفخەمی، ئیبراهیم، بنەڕەتی مەتەڵی كوردی، چاپخانەی هادی، تبریز، ١٣٦٨.
- ئورتوغرول، خالد،و/ پەیام عوسمان، پەروەردەی منداڵ لە نێو خێزان و قوتابخانەدا، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٨.
- ئیسماعیل، مزەفەر مستەفا، ڕوخسار و ناوەڕۆكی چیرۆكی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕەسول، شوكریە، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر،١٩٨٤.
- رەسول، عیزەددین مستەفا، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٧٠.
- سالح، خالد، شمشالۆكانێ(هندەك یارییێن ل دەڤەرا بادینان)، ئینستیوتی كەلەپوری دهۆك، دهۆك،٢٠٠٩.
- سوكولوف، یوری، الفولكلور،ت/ حلمی شعراوی-عبدالحمید حواس، الهیئة المصریة العامة للتألیف والنشر،القاهرة،١٩٧١.
- عەبدوڵلا، ئیدریس، ئەدەبی میللی و فۆلكلۆریی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- فەخری، نەسرین، یاری لە كوردەواریدا(پێكهاتنی لە ڕووی زمانەوە و كاری بۆ سەر كۆمەڵ)، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- قەرەچەتانی، كەریم شەریف، سایكۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەكار)، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- مەحمود، فازل مەجید، شیعری منداڵان لە ئەدەبی كوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- مەلا كەریم، محەممەد، دیوانی گۆران، كۆری زانیاری عێراق، بەرگی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٠.
- موكری، كامەران، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی-بەشی یەكەم- چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.
- كۆمەڵێ پسپۆری ئەمەریكی، گەمە لە ژیانی منداڵدا،و/ كەمال فاروق، دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە ٢٢، هەولێر، ڕووناكی، ٢٠٠٦.

# دور الادب الشعبي في تربية الاطفال في العصر الراهن


**الملخص:**

يلعب الأدب الشعبي دورا مهما في تنشئة الأطفال وتأهيلهم. يعطي الفلكلور مساحة واسعة في الأدب القومى وله دور بارز في رفع الوعي الاجتماعي للمجموعات المختلفة. هناك العديد من العناصر الأدبية مثل (الحكايات الشعبية ، والأمثال ، والحكم ، والنصوص الشعريه فى الالعاب، وما إلى ذلك) التي لها دور فعال وممتع للصغار وللكبار.

ويرى بعض الباحثين في الأدب الشعبي الكوردي أنه لا يوجد مؤلفات فلكلورية للأطفال بين الكورد، فهي تخص الكبار فقط، ويستمتع بها الأطفال بشكل هامشى من خلال الكبار. لكن إذا نظرنا علميا، نجد أن هناك نصوصا تتعلق بالأطفال، مثل القصص القصيرة والنصوص الشعرية في الألعاب.

نسعى من خلال هذا البحث إلى إظهار دور الأدب الشعبي في مجال تربية الأطفال الكورد اليوم، لأن أطفال هذا العصر هم جيل التكنولوجيا والآيباد.

نحن بصدد جمع النصوص ودراستها من قبل المختصين والاستفادة منها بطريقة حديثة ، على سبيل المثال تحويل القصص الخيالية إلى أفلام كرتونية ليستفيد منها أطفالنا اليوم.

من خلال هذا العمل يمكن تعين الهدف من خلال أربع فرضيات:

أولا: يتعرف الطفل على تاريخ شعبه ويرتبط من خلال هذه المعرفة بحب وطنه ومقدساته.

ثانيا ، تتم تربية الأطفال من خلال نصوص ممتعة بعيدة كل البعد عن الأساليب التقليدية المملة.

ثالثا: له اثر ايجابي على التربية الجيدة للغة القومية ويؤدي الى اثراء المعجم العقلي للاطفال.

رابعا: من خلال هذه النصوص يتعرف الطفل على اللهجات المختلفة أملا الاستفادة منها مستقبلا لخلق لغة موحدة.

ومن ناحية أخرى يمكن الاستفادة من النصوص الشعرية في مجال التعليم المدرسي والفني وخاصة في مرحلة رياض الأطفال في مجال تعليم الحروف والأرقام.

تم البحث من خلال المنهج الوصفى فى تحليل النصوص.

وأخيرا نعتقد أن الأدب الشعبي له دور فعال في تربية الأبناء ، ولكننا نعتقد أنه من الضروري الاستفادة منه في الوقت الحاضر وفي المستقبل بأساليب جديدة وأكثر إفادة.



**الكلمات الدالة:** *طفل، فلكلور، فلكلور أطفال، تعليم، هدف.*

**The Role of Folklore in The Raising Children in The Contemporary Age**


**Abstract :**

Folk literature plays an important role in educating children and their social behavior. Folklore constitutes a wide space in national literature and has a prominent role in raising the social awareness of different groups. There are many literary genres and such as (folk tales, proverbs, wisdom, poetic texts in games, etc.) that have an active and enjoyable role for young and elder.

Some researchers in Kurdish literary circle believe that the Kurds lack folkloric books particularly for children and that the folk literature is limited to adults only. The children may enjoy this type of literature through the adult perspective. . However, if we explore the Kurdish literary texts, , we will find that numerous folk texts have been narrated and dedicated to children, such as short stories, poetic expressions that are concomitant folk games, sayings, and various literary anecdotes. .

In this research, I will try to explain and highlight the role of folk literature in raising and educating the Kurdish children in our modern time. Speaking of the modern time I want to emphasis the modern time because our children live in the era of technology in which the children are not only experiencing little physical activity and exercise, but also, they have limited time to listen to the story of our ancestors.

We tend to collect folk texts and introduce to literary specialist in order to categorizes them under certain categories for the sake of literary benefit. . For example, fairy tales can be transformed into cartoon films for the benefit of our children today instead of letting them to watch: Avatar, Ben Ten, Jomong, Komo For this purpose, I would like to present four hypotheses in this regard.

First: a child would learn about the history of his or her people. This makes the child to create a sense of belonging to his homeland and society.

Secondly, social and moral instruction can be introduced to children within folk tale better than its abstract form.

Third: folk tale helps children to acquire language and imitate its explicit and simple forms of expressions located in the folk tale. The folk tale has pedagogical impact on the children in terms of enriching personal vocabulary and purify cognitive lexicons.

Fourth: Through these texts, the child would learn the different dialects, benefiting from its vocabulary which ultimately contributes to the creation of a standardized language in the future. This is on the one hand. On the other hand, the folk text can be utilized for games and used in the school textbooks for teaching letters, alphabet and numbers , especially in the kindergarten, in the.

This methodology of this research is based on descriptive analyzes

Finally, we believe that folk literature has an effective role in raising children, but we believe that it is necessary to make it work better for children and their desires at present and in the future.



**Keywords:** *Child, folklore, children's folklore, education, goal.*